# ریشەکانی تیروریزم

ئەحمەد موزارعی
وەرگێران: عوسمان _ م

ئەوەیکە لە لەندەن و شەرم الشیخ رویدا و بوو بە هۆی کوژران و بریندار بونی ژمارەیەک ئینسانی بێتاوان، بێگومان جینایەتە وجێگای مەحکوم کردنە و بە هیچ پاساوێکی مەزهەبی و یان سیاسی نابێ و ناکرێ ئینسانەکان قەتلعام و عەزیەت و ئازار و کوشتار بکرێن. دەبێ ئەوەش بگوترێ کە تەنیا مەحکوم کردنیش ناتوانێ یارمەتی بە چارەسەری مەسەلەکە بکا. چونکە ئەو کردەوە تیروریستیانەی کە لە لەندەن، شەرم الشیخ، عێراق، فەلەستین، ئەفغانستان و چیچان روویان دا، زۆر تێکپچراوتر و ریشەدارترە. هەر بۆیە تەواوی بەشەریەتی پێشکەوتو لەگەڵ دۆزینەوەی ریشەکانی ئەم جینایەتە بەرینانە دەبێ تێبکۆشێ و بە وروژاندن و یەکخستنی هێزە پێشکەوتنخوازەکان و بە دەربرینی نارەزایەتی بەر بە دوپات کردنەوەی ئەم رواداوە تالانە بگیرێت. لە سبەی رۆژی رواداوی دڵتەزێنی لەندەن رابێرت فیسک نوسەری بەناوبانگی ئینگلیسی لە رۆژنامەی گاردیەن نوسی:

"کاتێک کە ئێمە لە عێراق ئەوان قەتڵعام دەکەین، چلۆن چاوەروان بین ئەوان تۆڵەمان لێ نەکەنەوە". هەروەها جورج گالاوی نوسی: "شەری عێراق ناشەرعی و لەسەر ئەساسی درۆ ئەنجام درا کە خۆی جۆرێک تیروریزم بوو. تەنیا جیاوازیەک کە هەیبو ئەوە بو کە حوکمی ئەم شەرە لە لایان کەسێکیکەوە درا کە کوت و پانتۆڵێکی رێک و پێک و جوانی پۆشیبو و لەگەڵ حوکمەکانی بن لادن فەرقی نییە کە عەبای هەیە و لە ناوچەی تورابورای ئەفغانستان دەژی" برێک زیاتر باسی لایانی جوراوجۆری ریشەکانی ئەم تیرو و ناعەداڵەتیانە ئەکەم کە چلۆنە.

سیاسەتێک کە لە لایان ئەمریکا و ئینگلستانەوە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست دەبرێتە پیش خۆی سەرچاوەی نەفرەت و بێزارییە. هەر ئێستا 57 ساڵە کە خەڵکی فەلەستین لە ناو ووڵاتی خۆیان قەتڵعام و کوشتار ئەکرێن. لەگەڵ شکەنجە و قەتڵعامی خەڵکی فەلەستین لە ساڵانی رابوردو دا دەوڵەتی ئیسرایل 478 دێهات لە کۆی 585 دێهاتی لە فەلەستین کاول کردوە و نزیک بە 780 هەزار کەسی لە دانیشتوانی ئەم دێهاتانەی ئاوارە کردوە و جولەکەکانی دانیشتوی ووڵاتانی ئوروپا، ئەمریکا و روسیەی تیدا نیشتەجێ کردوە. لە ساڵی 1976 تا ئیستا 36700 خانوی فەلەستینیەکان خاپور کراوە، و هەر لەم ماوەدا زیاتر لە یەک میلیون و پێنجسەد هەزار داری سەمەر بە شۆفڵ لە ریشە دەر هێنراوە.

هەروەها هەر لەم فەترێە دا نزیک بە 2000 مزگەوت روخێندراوە و ژمارەیەکیش شوێنەواری مێژویی فەلەستینیەکان تەقێندراوەتەوە و نابود کراوە کە لە نێوانیان دا "کۆشکی شەهابی" کە یەکێکە لە داهێنانی هونەری مێعماری و کاشیکاریی رەنگیی سەدەی رابوردو دەبینرێ. هێزەکانی ئەرتەشی ئیسرایل تەنیا لە رۆژی 15ی مەی 2000، 108 بیری ئاویان لە ناوچەی غەزە کوێر کردەوە، 392 مەخزەنی ئاویان تەقاندەوە، 3802 میتر لولەی ئاویان تێک شکاند و هەزار سەر مەرومالاتیان کوشت. (زانیاری لە سایتی الجزیرە) هەموان ئاگادارن لە ساڵی 2002 کە ئەرتەشی ئیسرایل هێرشی کردە سەر جنین و کەوتە کوشتاری خەڵکی بێدیفاع و بێبەش کە ئەم کردەوە فاشیستیەی دەوڵەتی ئیسرایل لە سەرتاسەی جیهان و لەوانە لە لایان رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان وەک قەتڵعام ناودێر کرا و لە رەوتی کوشتاری سەبرا و شەتیلا لە بەیروت نزیک بە 500 کەس کە زۆربەیان ژنان و منداڵانی دانیشتوی دوو ئوردوگای ناوبراو بون قەتڵعام کران. ئەم گوریسە زۆر درێژە و کوشتار و کاولکاری و دەستدرێژی و شکەنجە هەروا بە شێوەی بەردەوام لە دژی فەلەستینیەکان بەرێوە دەچێ.
لە بابەت عێراق دەبێ بوترێ کە بە پێی راگەیەندراوێک کە ئەم دواییانە لە لایان دوکتور حاتەم علوان سەرۆکی مافی مرۆڤی عێراق لە رێکەوتی 12ی 7ی 2005 لە سایتی *** بڵاو کرایەوە، لە سەرەتای شەرەوە تا ئیستا 128 هەزار عێراقی کوژراون کە 55% یان ژن و منال بوون. ئەم زانیارییانە لە ئاکامی لێکۆڵینەوەی شەخسی، نەخۆشخانەکان، قوتابخانەکان و دامەزراوەکانیتر بەتایبەت بنەماڵەکانەوە کۆ کراوەتەوە.

"گری یانگ" لە ڕێکەوتی 2005/7/11 لە ڕۆژنامەی گاردیەن نوسی: " ئێمە ناتوانین ڕق و غەزەب و دەرد بۆ خۆمان پاوان بکەین، خوێنی ئێمە بە هیچ شێوەیەک سورتر لە خوێنی عێراقیەکان و ئەفغانیەکان نییە، ئێسکەکانی ئێمە پتەوتر لە ئێسکەکانی ئەوان نییە و فرمێسکەکانی ئێمەش جیاوازیەکی لەگەڵ فرمێسکەکانی ئەوان نییە. ناوبراو لە درێژەدا دەنوسێ: " بێگومان بلێر بەرپرسی کوشتاری 50 کەس و بریندار بونی 700 ئینگلیسی نییە بەڵکو ئەمە تیروریستە جیهادیەکانن کە ئەم کردەوەیان ئەنجام دا و تاوانبارن. بەڵام بلێر بێگومان بەرپرسی 100 هەزار عێراقییە کە لەو وولاتەدا کوژراون". ئەرتەشی ئەمریکا و ئینگلستان لە سبەی ڕۆژی داگیر کردنی عێراق "ئازادی و دیموکراسی" ڕاستەقینەی خۆیان نمایش کرد. هەزاران عێراقییان دەستگیر کرد و ڕاپێچی زیندانیان کردن و خستنیانە ژێر وەحشیانەترین شکەنجە. نەک هەر ژنان و کچان و کورانی ئەوانیان شکەنجە کرد، بەڵکو دەستدرێژی جنسیشیان پێکردن. سیمور هێرش لە بابەتێدا لە نیویورک تایمز دەنوسێ کە فیلمێکی لە ناوەندی کونگرەی ئەمریکا بینیوە کە چلۆن نەک هەر دەستدرێژی جنسییان بە کورانی 10_12 ساڵە کردوە و هەڵبەت بە بەرچاوی باوکان و داکانیانەوە بە مەبەستی ئیعتراف و دان پێدانان، بەڵکو ژمارەیەک لەم منداڵانە لە ژێر ئەم کردەوانەدا گیانیان لەدەست داوە. سیمور هیرش و ئەندامانی کونگرەی ئەمریکا ئەم فیلمە ویدوییەیان بینیوە.

لە حاڵێک دا نوسینی ئەم جینایەتانە لەشی ئینسان دەلەرزێنێ و لە حاڵێک دا ئەم کردەوە دژی ئینسانی و قیزەونانە لە لایان ئاڵا هەڵگران و ئیدیعا کەرانی "شارستانیەت، ئازادی و دیموکراسی" ئەنجام دەدرێ،ئاو لە ئاو تەکان ناخوا. ئێستا وای دابنیین لە هەزاردا یەکی ئەم جینایەتانە یەکێک لە وولاتانی جیهانی سێهەم ئەنجامی ئەدا، ئەوکات دەمانبینی کە ئەم جەنابانەی بەناو شارستانی چ قیژە و قاوێکیان وەرێ ئەخست. کەچی خۆیان بۆ کوژرانی پشیلەیەکیان پرسە و سەرخۆشی گشتی ڕادەگەیەنن وەک (لە فەرانسە لە کاتی شەری ناوخوی ئەلجەزایر) بینیمان. کاتێک لە ئاکامی خۆراگریی سەرسەختانەی هێزەکانی بەرگریی نیشتمانی لە عێراق و لەقاودانی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ سەرەنجام دەوڵەتی ئەمریکا ناچار بوو دان بە جینایەتەکانی ئەبوغرێب دا بنێ و وەفدێک بە سەپەرەستی جنراڵ "ئانتونیو تاگوبا" بە ڕەچەڵەک فیلیپینی بۆ لێکۆڵینەوە ناردی بۆ عێراق، ئەو جنراڵە دیارە کە دەیەویست هەر جۆرێک نەبێ "ئابروی" وولاتەکەی بپارێزێ، پاش تاوتوێ و دەستکاری کردن و سانسۆرێکی فراوان ئەم ڕاپورتەی خوارەوەی لەبابەت شکەنجە دابە کونگرە و ڕۆژنامەکان و ڕاگەیەنەرەکانی دەنگ و ڕەنگ کە هەموتان بینیتان و بیستتان. سرەنجتان بۆ بەشێک لەم ڕاپورتە ڕادەکێشم تا پەی بە ڕیشەکانی تیرور ببەن:

"لە مانگی ئوکتوبەر تا دەسمابری ساڵی 2003 سەربازان و بەرپرسانی گوردانی 372 جێگیر لە عێراق دەستیان دایە ڕەفتاری سادیستی و جینایەتکارانە لە زیندانی ئەبوغرێب کە لە نێوانیان دا دەتوانین ئاماژە بە چەند نمونەیەک بکەین.

- شکاندنی زەرفی گلاو لە کیمیایی بە کوتان ب سەر و لاشەی زیندانیاندا.
- ڕشتنی ئاوی سارد و گەرم بەسەر لاشەی روتی زیندانیەکاندا.
- دەستپەڕ کردنی جنسی بە زیندانیان و هەروەها ناچار کردنیان بەم کارە لەگەڵ یەکتر.
- روتکردنەوەی زیندانیان و خەواندنیان بەسەر یەکدا.
- بەکار بردنی مادەی تیشکی کیمیایی لە کۆمی زیندانیەکان.
- ڕاگرتنی زیندانیان بە روتی بۆ چەندین ڕۆژی بەردەوام.
- ناچار کردنی پیاوانی زیندانی بە لەبەر کردنی جلی ژنانە.
- بێ بەش بونی زیندانیان لە خەو.
- دەستدرێژی جنسی کردنەسەر ژنان.
-

هەڵبەتە ئەم گوریسە سەری درێژە و دەبی بگوتری کە بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە شکەنجانە زیاتر لە مەئمورانی ئیسرایل موساد کەلک وەر گیراوە. چونکە ئەوان هەمان ڕەوشتیان بەکار هێنا کە بۆ موسوڵمانان ئازاردەرتر بوو. ئیسرایلیەکان لە ئاکامی دەیان ساڵ جینایەت کردن نەک هەر لە فەلەستین بەڵکو لە ئێران و وولاتانیتری جیهان تەجرەبەی فراوانیان لە زەمینە و بواری شکەنجە کردنی جۆری ئینسانەکاندا هەیە. لە ڕێکەوتی نوامبری ساڵی 2003 ئەرتەشی ئەمریکا 25 هەزار کەسی بە ناوی هێرشی "شێخ انتقام" نارد بۆ شەر لە دژی خەڵکی فەلوجە. ماوەی 10 ڕۆژ شاریان بە فرۆکەی

ئێف 16 بوردمان کرد و بومبی 500 کیلوییان بەسەر خەڵکدا باراند. هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە نەخۆشخانەی گشتیی شاریان تەقاندەوە. تەواوی ماڵەکان. مزگەوتەکان و دوکانەکان خاپور کران و سیارە و تەواوی سەرچاوەکانی ژیانی شار لە ژێر بومبارانی بەردەوام دا نابود کرا. فەلوجە بە شاری مزگەوتەکان ناسرابو ، کە پاش کۆتایی بومبارانەکان تەنانەت یەک مزگەوتیش نەمابوو. پاش هێرشی ئەرتەشی ئەمریکا بۆ ناوچەی " هیو" ی ویتنام لە ساڵی 1968 ئەمە توندترین هێرشێک بوە کە تا ئیستا لە دژی شارێک ئەنجام دراوە. بە پێی ڕاپورتی ئەمریکاییەکان 1600 کەس لە شاردا کوژران. جێگای وتنە کە لەم هێرشەدا 800 سەربازی ئینگلیسیش بەشدار بون.

سەرتاسەری جیهانی عەرەب بوەتە موڵگەیەک بۆ ئەمریکاییەکان و ئینگلیسیەکان. کامە بیرمەند و روناکبیری عەرەب خیرەتی هەیە ووشەیەک لە دژی حاکمانی کۆنەپەرەست و یان ئەمریکا و ئینگلستان بڵێ. دەیان زیندان و شکەنجەگای ئەمریکا لە ووڵاتانی عەرەبی دا هەیە کە هەر کەسێک پیانخۆش بێ دەستگیری دەکەن و بۆ شکەنجە و دان پێدانان ئەیبەن بۆ ئەو زیندانانە. ماوەیەک لەوە پێش تەنانەت لە کانادا کەسێکی خەڵکی سوریەیان دەستگیر کرد و بۆ شکەنجە کردن ناردیان بۆ ئوردون و پاش یەک ساڵ کە بۆیان دەرکەوت بێ تاوانە ئازادیان کرد. ئێستا ئەو کەسە لە مونتریالی کانادا دەژی. ساڵی رابوردو نوسەرێکی میسری کە ماموستای زانستگەشە لە قاهێرە بابەتێکی لێکۆڵینەوەی لە سەر ئیسرایل نوسی کە بو بە هۆی تورە بونی سەفیری ئەمریکا لە قاهێرە. سەفیری ئەمریکا بە رەسمی داوای لە حوسنی موبارک کرد تا ئەو نوسەرە بخاتە زیندان. پاش خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکی فراوان هەر ئیستا بە شێوەی کاتی بێدەنگیان لە مەسەلەکە کردوە. (بابەتەکەی ئەو نوسەرە لە لایان منەوە تەرجومە کرا و لە ڕۆژنامەی شەهروەند چاپ کرا) لە دوو ساڵی رابوردودا چەندین جار برسیەکانی میسر دەستیان دایە خۆپیشاندان و ئەم دواییانە بە پێی ڕاپورتی نامیلکەی "ئەسبوغ" چاپی قاهێرە دەوڵەتی میسر دەیەوێ کارخانەیەکی گەورەی بەرهەم هێنان کە 70 هەزار کرێکار و فەرمانبەری هەیە بفرۆشێ بە بەشی تایبەتی، و ئەوەتا ئێستا خۆپیشاندان و نارەزایەتی لە دژی ئەم بریارەی دەوڵەت درێژەی هەیە و ئەمە نە یەکەم و نە دوایین بریاری دەوڵەتی حوسنی موبارەک دەبێ.

لە بابەت ئەفغانستان کە هەمو ئێرانیەکان لە نزیکەوە شاهێدی نابود کردنی ژیانی ئینسانین لە لایان ئەمریکاوە لەم ووڵاتە. تاوانی تاڵەبانەکان ئەوە بوو کە ئەوان ئامادە نەبون لە مەسەلەی کێشانی لولەی گاز لەگەڵ ئەمریکاییەکان رێکەون، و لە لایەکیترەوە بەرهەم هێنانی تریاکیشیان لە ئەفغانستان تەقریبەن راگرت و ئەمریکا ئەمەی پی ناخۆش بوو، چونکە بەرهەم هێنان و فرۆشی تریاک داهاتێکی گەورەی هەیە بۆ مافیاکانی سەر بە ئەمریکا. بە پیی ڕاپورتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ئەمرۆ وەزعی ئەفغانستان لە سەردەمی تالەبان زۆر خراپترە.

بە کورتی دەبێ ریشەکانی تیروریزم لە ستەم و دەستدرێژی و هەژاری و جەهل و ئێستبداد دا ببینین. تیروریزم پێوەندی بە تەنیا یەک مەزهەبەوە نییە. ئێمە لە مێژودا بینیومانە کە لە ژێر ناوی جۆراوجۆری وەک قرمتی، زەندیق، سەربدار، کومیتەی نهێنی و ئەبو لولو و لە ناو ووڵاتان و میللەتانیتردا بە ناوی ترەوە دەستیان داوەتە کردەوەی هێرش بەرانە و تۆڵە ئەستێنانە لە دژی ئەم و ئەو. ئەمرۆ ئەرکی هێزە پێشکەوتن خوازەکان و لەسەرەوەی هەموان سوسیالیستەکانە کە بە تەواوی توانای خۆیان بە یەکخستن و ریکخستنی هێزە ئینساندۆست و ئازادیخوازەکان بۆ پێک هێنانی سیستمێکی عادڵانە و ئینسانی تێبکۆشن. تەنیا لەم رێگایەوە ریشەکانی تیرور و جینایەت و تۆلە ووشک دەبێ.

ئاسوەکانی ئەم بزوتنەوە هیوا بەخشە هەر ئێستا ئێمە لە زۆر شوینی جیهان لەوانە لە ئیران لە لایان ژنان، لاوان و چین و توێژەکانی تری کومەڵایەتی، لە ئەمریکای لاتین، لە وینزویلا، کوبا، بولیوی و هتد دەیبینین. تەنیا لە ژێر تیشکی خباتی عەداڵەتخوازانە دایە کە ریشەکانی ئەم هەمو تەجاوەز و دەستدرێژیانە ووشک دەبێ.